## سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا

# فایلی کوردستان سەر لە نوێ ململانێیەکی توند لە نێوان عەسکەر و حکومەتدا بەرپا دەکات




فەیسەڵ دەباغ
تایبەت بۆ گوڵان
دەینووسێ


پارتی عەدالەت و پەرەپێدان بە پاشینە ئیسلامییەکەی و بە پێی میکانیزمی ئەو دەستوورەی کە لە تورکیا پەیرەو دەکرێ، خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار ئامادە دەکات کە بڕیار وایە لە مانگی مایسی داهاتوودا ئەنجام بدرێ .

خۆ پاڵاوتن بۆ ئەو پۆستە لە ١٠ی ئەو مانگە دەست پێ دەکات و لە ڕۆژی ٢٦ هەر ئەو مانگە کۆتایی پێ دێت، پاش ئەویش پرۆسەی دەنگدان لە پەرلەمان دەست پێ دەکات کەبەر لە ١٦ی مایس، ئەو ڕۆژەی کە ویلایەتی سەرۆکی ئێستا ئەحمەد نەجدەت سیزەر کۆتایی دێ، دەبێ سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت. خۆ پاڵاوتنی یەکێکی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان بۆ ئەو پۆستە لەوە دێ کە خاوەن زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکییە، ئەو لایەنەی کە مافی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری هەیە بۆ یەک جار کەماوەکەی (٧) ساڵە. چونکە دەستوور ڕێ بە درێژکردنەوەی ماوە و دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی ئێستا نادات .

سەرکردایەتی سەربازیی و پارتە بەرهەڵستکارەکان و هێزە عەلمانییەکان دژ بە خۆ پاڵاوتنی ئەردۆگانن بۆ ئەو پۆستە ئەویش بەهۆی حیجابی خێزانەکەی کە بەپێی دەستوور و یاسا لە دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت قەدەغەیە، بەتایبەتی لە کۆشکی کۆماری دا . ئەو بەدژ وەستانە هەر لەبەر ئەوەیە نەوەکو ئەردۆگان بەسەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرێت، چونکە پێیان وایە ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی گۆڕینی سیستەمی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی گشت دامەزراوەکانی دەوڵەت لەلایەن ئیسلامییەکانەوە ، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان سەرۆک کۆمار فەرماندەی باڵای هێزی چەکدارییە و هەر خۆیشی ئەندامانی دادگای باڵای دەستووری و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای خوێندنی باڵا دادەمەزرێنی کە ئەمانە گشتیان دامەزراوی عەلمانیین لەوڵاتدا.

ناوەندە سیاسییەکان پێشبینی نائارامییەک دەکەن لە شەقامی سیاسییدا، بەتایبەتی ئەگەر ئەردۆگان سوور بێ لەسەر خۆکاندیدکردنی بۆ ئەو پۆستە، کە بەپێی زانیارییەکانی هەندێ سەرچاوە لەوانەیە سوپا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ کۆسپ لەبەردەم هەڵبژاردنی ئەردۆگان یان هەر سەرکردەیەکی تری پارتەکەی دروست بکات .

سەرچاوەکان پێشبینی ئەوەش دەکەن کەلەدوا ساتدا ئەردۆگان بڕیاری کشانەوەی خۆی دەدات و عەبدوڵا گوڵی جێگرەوەی دەکاتە پاڵێوراوی پارتەکەی کە بەقسەی هەر ئەو سەرچاوانە خێزانەکەی ئەویش هەر حیجابی لەسەرە .

ئێستا حکومەت ڕووبەڕووی شاڵاوێکی گەورە بۆتەوە لەلایەن پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان کە لەلایەن سەرۆک کۆمار ئەحمەد نەجدەت سیزەر و سەرۆکی دەستەی ئەرکان یەشار بیوکەوە پاڵپشتی دەکرێن، ئەو شاڵاوەش لەگەڵ نزیک بوونەوەی خۆ پاڵاوتن زیاتربووە و هەر هەمووشیان ئیستغلالی لێدوانەکانی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە دەکەن بە ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی عێراقدا، لە پێناو گەیشتن بەچارەسەرییەک بۆ دوو بابەتی سەرەکی : دوا ڕۆژی شاری کەرکووک و پارتی کرێکارانی کوردستان .

لەو بارە گرژەی نێوان عەسکەرو حکومەت پرسیارێک خۆی قیت دەکاتەوە: ئایا جارێکی دیکە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و عەسکەر بە پێی دیدی خۆی و بێ حیساب کردن بۆ دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت، دەست لە کاری سیاسی و ئاراستەکردنی سیاسەتی ناوخۆ وەردەدات ؟ بەتایبەتی لەو دامەزراوە هەڵبژاردراوانەی کە حکومەتی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان نوێنەرایەتیان دەکات ؟ بەتایبەتی ئەگەر زانیمان (٥) ساڵ دەبێ کاریگەری عەسکەر لەسەر سیاسەت کەم بوەتەوە ، بە هۆی ڕوو لە ئەوروپا کردنی تورکیا کە یەکێکە لەو مەرجە سەرەکییانەی کە یەکێتی ئەوروپا دایناوە تا تورکیا بێتە ناو ئەو یەکێتییەوە. دەکرێ بڵێین دوو هۆکاری سەرەکی هەن کە بونەتە هۆی سەرهەڵدانەوەی ئەو تەنگژەیە:

١- شکست هێنان لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ فایلی بە ئەوروپا کردنی تورکیا، پاش ڕاگرتنی (٨) فایل لە کۆی (٣٥) فایل کە تایبەتن بەتەنگژەی قوبرس کە ئەمەش وایکرد دوا بڕیارتا ١٠- ١٥ ساڵی تر دوا بخرێ، کەئەمەش هەلێکی بۆ عەسکەر ڕەخساندووە جارێکی دیکە دەست لە سیاسەت وەر بدات.

٢- نزیک بوونەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار ، کەگشت ئاماژەکان ئەوە دەسەلمێنن کە پارتی عەدالەت و پەرەپێدان بە ئارستە ئیسلامییەکەی چانسی زیاترە کەئەمەش بوەتە مایەی نیگەرانی گشت لایەنە عەلمانییەکانی تورکیا کە پێیان وایە ئەمە دەرفەتێکە بۆ دەست وەردان لەو مەسەلەیەدا.

ئیسلامییەکان دەستێکی باڵایان هەیە لەسەر گشت تەوەرەکانی بزوتنەوەی سیاسی لە تورکیادا، ئەوەی ماوە دەستی بەسەر دابگرن پۆستی سەرۆک کۆمارە کەلەوانەیە زۆربەی خەڵک پێیان وابێ پۆستێکی ئەوتۆنییە و زیاتر شەرەفی یان ڕەمزیە.

بەڵام لە حەقیقەتدا وانییە، چونکە سەرۆک کۆمار دەسەڵاتێکی زۆری بەدەستەوەیە کە دەستوور بۆی زامن کردووە، کە گرنگترینیان : داوا کردنە لە ئەنجومەن تا چاو بەیاساکان بخشێنێتەوە، ئەمە سەرەڕای بانگهێشت کردنی دادگای باڵای دەستووری بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا و بڕیارە حکومییانەی کە هێزی یاساییان هەیە، ئەویش بە بیانوی ئەوەی کە دەستووری نین و هەروەها بڕیاردان بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و دامەزراندنی ئەندامانی دادگای دەستووری و ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی یان باری نا ئاسایی و چەندین دەسەڵاتی دیکە.

ئەو هەموو دەسەڵاتەی سەرۆک کۆمار مەترسی عەلمانییەکانی زیاد کردووە و پێیان وایە ئەگەر پارتی عەدالەت و پەرەپێدان ئەو پۆستە بگرێتە دەست، پرنسیپی عەلمانییەت بێ بایەخ دەبێت کە (٧٠) ساڵە وڵات پەیڕەوی دەکات.

ئەوەی موتابەعەی ڕەوشی تورکیای کردبێ ، زۆر سروشتییە بەدوای ئەو هۆکارە بگەڕێ کە بوەتە هۆی سەرهەڵدانەوەی ئەو

**سەرکردایەتی سەربازیی و پارتە بەرهەڵستکارەکان و هێزە عەلمانییەکان دژ بە خۆ پاڵاوتنی ئەردۆگانن بۆ ئەو پۆستە ئەویش بەهۆی حیجابی خێزانەکەی کە بەپێی دەستوور و یاسا لە دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت قەدەغەیە، بەتایبەتی لە کۆشکی کۆماری دا**

تەنگژەیەی کە لە نێوان عەسکەرو حکومەتدایە، بەتایبەتی پاش ئەو چوار ساڵەی کە تەوافقێک لە نێوانیادا بەدی دەکرا کە هۆکارەکانی زانراون ، وەک توانای وەدیهێنانی خەونی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا و سەرکەوتنی پارتی عەدالەت و پەرپێدان لە هەلسوکەوت کردندا لەگەڵ هەموو لایەنە بڕیار بەدەستەکانی وڵات، لەسەرەوویانەوە دامەزراوە عەسکەرییەکە کە وای لێکردوە بڕوای شەقامی تورکیا وەدەست بێنێ. ئەوە سەرەڕای توانای پارتی فەرمانڕەوا لە چارەسەرکردنی ئەو تەنگژە ئابوورییەی کەبەر لە (٥) ساڵ تورکیا تووشی ببوو. تەنگژەکەی عەسکەرو حکومەت لەوە دەستی پێکرد، کاتێ سەرۆکی ئەرکان یەشاربیوک لەواشنتۆن لێدوانێکی دا کە ئەو ناتوانێ لەگەڵ سەرکردە کوردەکان دانیشێ و وتووێژ بکات لە کاتێکدا کە ئەوان داڵدەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەدەن کەئەمەش وایکرد عبدوڵلا گوڵی وەزیری دەرەوە وەڵامی بداتەوە و بڵێ: بەر لە بەکارهێنانی چەک بازمانی دیبلۆماسییەت تاقی بکەینەوە.

ئیتر یەکسەر پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان ئەو هەلەیان قۆزتەوە وشاڵاوێکی توندیان دژ بە حکومەت ئەنجام دا ، تا کار گەیشتە ئەو رادەیەی کە میدیاکانی تورکیا ئاماژە بە دابڕان لە لوتکەی دەسەڵاتدا بکەن – رۆژنامەی (حوررییەت) لە ژمارەیەکیدا ئاماژە ی بەوەکردبوو کە سەرۆک کۆمار بە پێچەوانەی حکومەت دژ بە وتوێژە لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا. ئومور ئویمەن جێگری حیزبی گەلی کۆماری تەئکیدی لەوە کردبوو کە حکومەت سیاسەتێکی رۆژانەی تایبەت بە عێراق پەیرەو دەکات و شێوازی سیاسەتەکەشی بە پێی ڕێنوێنی وڵاتانی بیانی دادەنێ .

نەزهەت کاندمیر ی جێگری حیزبی ڕێگەی راستیش لێدوانەکانی ئەردۆگان و گوڵی بە هەڵە لە قەڵەم دابوو و پێی وابوو کە بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق پێویستە حکومەتی ناوەندی بەغدا تەنیا لایەن بێ کەوتووێژی لەگەڵدا بکرێ.

سەرۆک حزبی نیشتمانی دایکیش ئەرکان مومجو ئەویش لە لێدوانێکیدا گوتبوی: مافێکی سروشتییە تورکیا داوای ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە بکات ، بەڵام پێویستە ئەو پرسیارە لە سەرۆک وەزیران بکرێ : ئایا تورکیا دەستەبەرداری پرنسیپی پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق بووە؟ بەهەرحاڵ، پرسیارەکە لەوە دایە کە ئایا مێژوو سەر لەنوێ خۆی لە تورکیا دووبارە دەکاتەوە؟ یان کارەکە هەر وەکو هەورێکی هاوینە بێت و حزبی عەدالەتیش سەرکەوێ لە گەیشتن بە کورسی سەرۆک کۆمار ؟

باوەڕناکەم پارتی عەدالەت و پەرەپێدان بتوانێ دەسبەرداری ئەو لێدوانەی ئەردۆگان و گوڵ بێت، لە دیدارەکانیشیدا لەگەڵ کەسایەتی کوردی تورکیا ئەم هەڵوێستەی دووپات کردۆتەوە و بەڵێنیشی داوە گەر لەو هەڵبژاردنە بەسەرکەوتوویی دەربچێ چارە سەری کێشەی کورد لە تورکیا دەکات ، ئەم حەقیقەتەش لەو راپرسییە نهێنییە بە دیار دەکەوێ کە دەزگایەک لە سەرانسەری تورکیا ئەنجامی دابوو، لە راپرسییەکە دا پارتی عەدالەت و پەرەپێدان لەناوچە کوردییەکاندا ٣٢٪ ی دەنگەکانی وەدەست هێنابوو، بەرامبەر بە ٢٣٪ لە ناوچە تورکییەکاندا، کە ئەمەش پێگەی پارتی عەدالەت لە ناو کوردەکانی تورکیا بەدیار دەخات و ئەو پارتەش نایەوێ ئەو پێگەیە لە دەست خۆی بدات.

من پێم وایە سەرۆک بارزانی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر کوردی تورکیا دا هەیەو دەتوانی ئەو کاریگەرییەی خۆی ، بەتایبەتی لەو ئان و ساتەدا بۆ بەرژەوەندی کورد ئیستغلال بکات ، بەواتایەکی تر هەڕەشە لەو پارتە بکات ، گەر ڕێی دۆستانە لەگەڵ کورد نەگرێتە بەر ئەوا کاریگەری خۆی لەسەر کوردی تورکیا بەکار دێنێ و و دەتوانێ وا بکات کە دەنگ بە پاڵێوراوی ئەو پارتە نەدەن، بەڵام سەرۆک بارزانی ئەوە ناکات وچاوەڕوانی هەنگاوی ئیجابیانەی ئەو پارتەیە چونکە، ئێستاش پێی وایە کە ئەو پارتە پارتێکی میانڕەوە و ئاراستەشی بەرامبەر بە دۆزی کوردی تورکیا لە پارتە عەلمانییەکانی دیکە زۆر باشترە و ئەوە بۆ دوومانگیش دەچێ ئاراستەی ئەو پارتە هێمنتر بوەتەوە. بۆیە لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا پێویستەسەرانی ئەو پارتە زمانی دیالۆگ بگرنە بەر و بە بەرگێکی مەدەنیانە نەک عەسکەرییانە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدەن و پابەندی ئەو نامەیەش نەبن کە یەشار بیوک پاش گەڕانەوەی لە واشنتۆن بە نهێنی دابویە ئەردۆگان کە تیایدا داوای کردبوو:

١– سەنگی سیاسەتی تورکیا بخرێتە ناوەند، واتە بەغدا .
٢– پەلە کردن لە دروستکردنی پردی دوهەم لە سلۆپیا کە بەخاکی هەرێمی کوردستان تێپەرنەبێ.
٣– بەهێزترکردنی بەرەی تورکمانی لە عێراق .
٤– بڕیاردان بە چوونی سوپای تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان .

کە ئەمانە گشتیان چارەسەرنین، بەڵکو کێشەکان قوڵتر دەکەنەوە و دوارۆژی تورکیاش دەخەنە مەترسییەوە، بەتایبەتی لە دوا سەردانیدا بۆ شاری دیاربەکر شاندێکی ئەوروپی داوای لە یەکێتی ئەوروپا و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی کردبوو کە هەوڵی جدی بدەن بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و دژ بەو کردەوە سەربازییەی تورکیاش بوەستن کە رۆژانە نەک هەر دژ بەچەکدارەکانی کورد ئەنجام دەدرێ، بەڵکو دژ بە مەدەنییەکانیش .

ئاخاوتنی ئەم دواییەی بەرپرسە تورکەکان،بەتایبەتی بەرپرسانی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان،وەک ئەو لێدوانەی کە عەبدوڵاگوڵ بەرۆژنامەی (رادیکال)ی تورکی راگەیاندبوو کە گوایە ئەگەر عێراق و ئەمەریکا پەکەکە دەرنەپەڕێنن ئەوا تورکیا هێرشی سەربازی بۆسەر کوردستان ئەنجام دەدات، پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنن و پەیوەندییان بەرەوشی ناوخۆی تورکیاوە هەیە کەسەرەڕای سۆزی شەقامی کوردی، دەیانەوێ سۆزی شەقامی تورکیش بەلای خۆیاندا رابکێشن.

**ئەو هەموو دەسەڵاتەی سەرۆک کۆمار مەترسی عەلمانییەکانی زیاد کردووە و پێیان وایە ئەگەر پارتی عەدالەت و پەرەپێدان ئەو پۆستە بگرێتە دەست، پرنسیپی عەلمانییەت بێ بایەخ دەبێت کە (٧٠) ساڵە وڵات پەیڕەوی دەکات**

**ئیسلامییەکان دەستێکی باڵایان هەیە لەسەر گشت تەوەرەکانی بزوتنەوەی سیاسی لە تورکیادا، ئەوەی ماوە دەستی بەسەر دابگرن پۆستی سەرۆک کۆمارە کەلەوانەیە زۆربەی خەڵک پێیان وابێ پۆستێکی ئەوتۆنییە و زیاتر شەرەفی یان ڕەمزیە بەڵام لە حەقیقەتدا وانییە**

**لەو ڕاپرسییە نهێنییە کە دەزگایەک لە سەرانسەری تورکیا ئەنجامی دابوو، لە ڕاپرسییەکە دا پارتی عەدالەت و پەرەپێدان لەناوچە کوردییەکاندا ٣٢٪ ی دەنگەکانی وەدەست هێنابوو، بەرامبەر بە ٢٣٪ لە ناوچە تورکییەکاندا، کە ئەمەش پێگەی پارتی عەدالەت لە ناو کوردەکانی تورکیا بەدیار دەخات و ئەو پارتەش نایەوێ ئەو پێگەیە لە دەست خۆی بدات**